



# ئەو بەیانییەی قەڵا پێکەنی

هەواڵنامەی کتێب

ئیدریس شەیداهۆ

هەولێر ٢٠١٢

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان



# وتەیەک بۆ شیعری
# (ئەو بەیانییەی قەڵا پێکەنی)ی ئیدریس شەیداهۆ

دکتۆر کەمال سەعدی ٭

شیعری (ئەو بەیانییەی قەڵا پێکەنی)ی شاعیر ئیدریس شەیداهۆم خوێندەوە و چوومە قووڵایی بەیتە شیعرەکانی و لەنێو وشەکانیدا مەلەوانیم دەکرد و گەڕام، گەڕام.. چۆن دەریاوان بەدوای دوڕ و مەرجاندا دەگەڕێ ئەوهاش منی دێوانی بەدوای سەر و سۆراغی ونبووەکانی شارەکەم دەگەڕام. ساڵانێکە کەسێك نییە سۆراغی شێتەکانی پیرە هەولێرم بۆ بێنێ، جاران بەرخۆکە بەناو بازاڕی هەولێرێ دەخولایەوە و یاغر یاغر بەرەو لامان دەهات و بە تەسبیحە سوورە قل گەورەکەی یەکە یەکە دنکەکانی ئاودیو دەکردن و لەگەڵ ئاودیوکردنی هەر دنکێکدا ناوی شێتێکی پێ دەوتین کە سی و پێنج هەمین دنکیشی ئاودیو دەکرد لەسەرەخۆ زۆر بەنەرمی دەیووت: (بەخۆشم هەوم). هەزار رەحمەت لەگۆڕت بەرخۆکە گیان کە وێڕای ئەوەی هەموو شێتەکانی ئەو شارەت دەناسین، بەڵام خۆشت لەبیر نەدەکرد و دوا دنکی تەسبیحەکەت بۆ



ناوزەدکردنی خۆت تەرخان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ هەموو شێتین و کەسیشمان دان بە شێتیتی خۆمان دانانێین.

بەراستی شاعیر لەم شیعرەیدا توانیویەتی زۆر بەجوانی وشەکان تەوزیف بکات و لەیەك کاتدا چەندین ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مێژوویی بپێکێ، لەهەر بەیتە شیعرێکیدا لاپەڕەیەکی لەمێژووی ئەم شارە دێرینە هەڵداوەتەوە و تیشکی خستۆتە سەر چەند شێتێکی رووح سووکی ئەم شارەکە هەریەکێك لە ئێمە دەیان یادگاری شیرینمان لەگەڵیان هەیە و بەشێکن لەمێژووی پڕ شکۆمەندی ئەم شارە دێرینە و هەولێریش هەروەك دەزانین بە قەڵاو منارەو ماستە حەیاتەکەی و شێتە رووح سووکەکانی هەولێرە.

کاکە ئیدریس بەم شیعرەی ئێمەی گەڕاندەوە بۆ سالانی حەفتاو هەشتاکان جارێکی تر ترس و لەرزی گاشە بەردەکانی هەیاس و جومعەی خستەوە دڵمان و هەروا دەزانم دوێنێیە کاتێك کۆمەڵە چیرۆکی (ون بوون)م بلاوکردەوە و بۆ رێزلێنان بەرگی یەکەمم بەوێنەی ئەم رووح سووکانە رازاندەوە، هەر بۆ بەیانی جومعە بەخۆی خڕکە بەردەوە دەرگای دایەرەی لێ گرتم و کون بەکون لێم دەگەڕا و کۆمەڵێك جنێوی ناشیرینی پێ دەدام و دەیووت قازانجم لێت دەوێ بۆ وێنەی

هەواڵنامەی کتێب



منت بڵاوکردۆتەوە و منیش جێ نەبوو خۆمی لێ بشارمەوە لەترسی جومعەشێت، ناچار بووم خۆم گەیاندە ژوورەکەی کەریم سۆفی و تا دەوام تەواو بوو هەر لەوێ مامەوە، بەڵام کاتێك دەوام تەواو بوو بەرەو ماڵ گەڕامەوە لەبەر دەرگا جارێکی تر یەخەی گرتمەوە و داوای قازانجی لێکردم ئەوەبوو منیش لەگەڵ خۆم بردم بۆ کتێبخانەی (عەبدولکەریم) بەرامبەر دایەرەی کارەبا و پەنجا کتابم دایێ، وتم: تەنها سەد کتابم قازانجە نیوەی بۆمن و نیوەی بۆ تۆ. بەڵام هێشتان جومعە بە تەواوی دوور نەکەوتبۆوە منداڵان دایانە بەرپەلکی شفتی و گندۆرە و بەهۆیها هۆیها بەدوای کەوتن و دەیانووت: (بزانن بزانن ئەو شێتە خۆی دیعایە بۆ خۆی دەکات) ئەوەبوو بەپڕ هاتەوە لام و وتی (ها کتابەکانت نامەوێ من پاردم دەوێ پارە!!) ئەوەبوو پێنج دینارم دایە و دوو لەفەی گەسیشم بۆی کڕی و وتم ئەوەش بەشە قازانجی تۆ.

ئای کە سەربردەی ئەو شێتانە چەند خۆشە و شاری هەولێریش هەر بەو شێتانەوە جوانە خۆ هێندەی نەبرد دوای چەند رۆژێك عەونیشم لێ قیت بۆوە و محەمەد محێدین کە یاریدەدەری ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان بوو لەدوای ناردم و وتی دەبێ گشت کتابەکان بێنیتەوە لەناوی بەین، چونکە وێنەی

هەولێرنامەی کتێب



عەونیت لێداوە و دوێنێ شەو بەخۆی و دایکی هاتۆتە لای ئەمینداری گشتی و وتوویەتی ئێوە ئەو کتابەتان چاپ کردووە و وێنەی منتان لەگەڵ کۆمەڵێك شێت بڵاوکردۆتەوە. ئەوەبوو منیش وتم پێی بڵێن کتابەکان زۆریان فرۆشراون و ناتوانم بیانگەڕێنمەوە ئەوانی تریش دەم و چاوی ڕەش دەکەم تا کەس نەیناسێتەوە. هەر بۆ ڕۆژی دواتر کاتێك لە دوو عەونی دەنێرن و وای پێ دەڵێن وەك فیشەکە شێتە هەڵدەچێت و دەڵێ: (بەشێتتان دانایمە و دەشتانەوێ رووشم ڕەشکەن، هەر لێ گەڕێن هیچم ناوێ).

ئەم شیعرە زۆر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسم چ لەڕووی هونەری چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەڵام وادیارە لەمیانی تیشك خستنەسەر ئەم شێتانە شاعیر کۆمەڵێك ئامانجی بەجارێك پێکاوە، بەڵام خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەو شێتانە وایکرد زیاتر لەسەر ئەو لایەنە هەڵوەستەیەك بکەین و یادگارییەکانی خۆشمان ئاوێتەی یادگارییەکانی بکەین.

شاعیر زۆر جوان گوزارشتی لەهەستی ناسکی خۆی کردووە و ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ئەم گەلە ستەم دیدەیەی لە پەراوێزی یادگارییەکانی چەند شێتێکی ئەم شارە دێرینە خستۆتەڕوو. زۆر جوان ڕەخنەی لە سیاسەتی فیفتی فیفتی دەسەڵاتی سیاسی کوردی گرتووە و بەشێوەیەکی تەنز ئامێز بە

هەواڵنامەی کتێب



فیفتی فیفتییەکەی مەمەندە شێت و جومعەشێتی چواندووە، بەڵام زۆر جیاوازییان لەگەڵ یەك هەیە، چونکە ئەوان هەروەك بەرخۆکە شێت ئاسا خۆیان دەناسی کە شێتن!!!

هەروەها کاتێك باسی راکردنی جومعە دەکات بۆ شاری موسڵ لەبەر شەڕی براکوژی ئەمەش دیسان وێنەیەکی تەنز ئامێزە دەریدەخات کە ئەوانەی شەڕی براکوژی دەکەن لەشێت شێتترن، بۆیە هەست بە ئاکامە خراپەکانی ئەو شەڕە نەگریسە ناکەن!!! ئەمەو دەیان وێنەی تری جوانی لەخۆی گرتووە و لەپەنای ئەم شێتانە دەیان نەهامەتی و دەرد و مەینەتی ئەم گەلەی خستۆتە روو بۆیە تەنها ئەوەندە دەڵێم دەستەکانی نەڕزێ و هیوادارم شاعیر هەر شاد و سەرفراز بێت لەپێناو خزمەتکردنی شیعر و کلتووری کوردی و جارێکی تریش پڕ بەدڵ پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێ دەکەم و هەروەها سوپاسی دەزگای بەدرخانیش دەکەم کە دەرفەتی دام لەمیانی خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا دوو قسە لەمەڕ شێتەکانی شارەکەم بکەم.

***پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**هەولێر / کوردستان**
**٢٠٠/٧/٧**



## (پێشکەشە بە هەموو ئەو هەولێرییانەی کە هەولێریان خۆشدەوێ)

**دەقی ئیدریس شەیداهۆ**

# ئەو بەیانییەی قەڵا پێکەنی

مەمەندە شێت

مەمبەرەوە سەر ڕێگاکانی موحیبەت

با جارێکی تر وەك مەولەوی شێت و وەك تایەر تۆفیق پڕ نەبم لەتەنیایی

جارێکی تر مەمخەرەوە ناو حەیرانەکانی رەسوڵ و کۆڵانە بێدەنگەکانی تەیراوە

حەزرەتی مەمەند

لەکوێی تا بێم

من بەبۆنی تۆم گرتووە،

لەکوێی تابێم، من لەحەزمەتی تۆ مانم لەهەولێر گرتووە

لەکوێی تۆ



من بەهەناسەی تۆ سەرمەستم
من بەهەوای نەسیمی ئازادیەکەی تۆ مەستم
ئەو رۆژەی بەردێکت تێگرتم
من سورەتی فاتیحایەکم بۆ هەڵدای
ئەو شەوەی لەدایکەت تۆراندم
من بەبۆنی تۆ حەیران بووم..!
بۆ وام لێدەکەی مەمەند
بۆ وام لێدەکەی جومعە
تۆ لەلای من هەموو پێنجشەمایش هەر جومعە بووی
تۆ گەورەترین خەتیبی هەینی بووی
تۆ جوانترین پارێزگاری هەولێر بووی
مەمەندەکەم
من چی لەکۆڵانی باتەو دوکانە تازەکان بکەم
کەدەمەوعەسرێك چایەکی سەرشێتانە لەگەڵ تۆدا نەخۆمەوە
چی لەو عەسرە پڕ شەرمە بکەم لەگەڵ بانگدا
تۆ بێ دەستنوێژو لەهەموومان پاکیزەترو نوێژاوی تر بەلیکی
شۆڕەوە پێش نوێژیی نەکەی..؟

هەواڵنامەی کتێب



چی لەو بەربانگە بگەم کەبەدستە چلکنە ڕەشەکەی تۆ بەلەتێك
پاقلاوەی شیلاوی تێکەڵ بەلیکت
ڕۆژوو نەشکێنم..!
چۆن بچمە حزووری میحرابی پیرۆز، گەر کڵاوەکەی تۆم لەسەر نەبێ. مەمەند
چی لەگەراجی پڕ باق و بریقی نێو بازاڕەکانی عەولەمەی هەولێر بکەم،
کەجێپێی تایەی عەرەبانەکەی تۆی تیانەبێ..!
ئەم بەردە لابەرە
من حیوارێکی تورەم لەگەڵ هەناسەکانی تۆدا هەیە
تۆ هێمن بەوەو ئەو جوانیەی خۆتم بەرێ
تا منیش کوردستانێکی کەلاوەو دەرزەنێك عاشق و
تۆپەڵێك خوێندکاری سەرلێشێواوت بدەمێ
ئەم بەردە لابەرە
من فریای بەردەکانی (هەیاس)یش نەکەوتم
چەند بەدبەختێکی نامۆبووم لەو هەولێرە
فریای بەردێکی شێتەکانیش نەکەوتم
کەچی سەد بەردو شەقی بەعسم بەرکەوت
مەمەند گیان

هەواڵنامەی کتێب



هەیاس گەنجینەیەك بوو بۆ شەهوەتی چەند ئافرەتێکی ئەو

ماڵە دەوڵەمەندانەی

کەژنیان تەنها لەناندین و پشت سفرەکانی خوانەوە دەدی..!

هەیاس، تاقە چەکێك بوو کەبەژنی دەگوت،

دەبێ لەپشت پەردەکانەوە بێنە دەرێ و

سەر راستانە تام لەشەهوەت و جوانیەکانی ژیانێك بکەن،

کە یەك جار بۆ سێبەرێ پیاو دەژین

هەیاس، مارکسێکی هەولێری بوو، تەنها چەند ژنێك دەیانخوێندەوە،

بەڵام حەیف بێ وەفابوون، مێژووی ئەو پیاوەیان نەنووسیوە..!

جومعە

مەفتەنی تۆ هەولێر نەبوو بۆیە بەجارێ سەرگەردان بووی

تۆ بەر لە مەرگی مادەی ١٤٠ی رەحمەتیش لەئەحسای کەرکوکدا

مرۆڤێکی ئاسایی بووی

بچۆ لە(هەیاس) بپرسە

لەکۆڵانە بێنازەکانی بەغدادا کە بەعس لەشەوێکدا فڕاندیان و

کەس نەیدییەوە

لەوێ یەخەی شوانکارەیەکی گرت و پێی دەڵێ : بەڵێن بێ

هەواڵنامەی کتێب



بەرد لەیەك كەس ناگرم
سواری هیچ كچە بەگزادەیەكی تر نابم
بەس بمگەیەننەوە هەولێر
چونكە هەولێر مەفتەنە مەفتەن.
جومعە گیان
بیرمە پایزی ساڵی نۆتوشەش بوو، لەو هەولێرە ونبووی
لەموسڵ (جگەرەیەكی سۆمەرت) هەڵدەكێشاو پێت گوتم
لەداخی براكوژی كوردستانم جێهێشت
زەحمەتە بتوانم میوانت بم
زەحمەتە بتوانم حەیرانت بم..!
من چی لەنێسك و پروسكی قەڵایەك بكەم كەتۆی لێ تۆرابی و
بەسەد شاعیری درۆزنی وەك منیش ئاشت نەبیەوە
بیرتە رۆژێكیان لەشەقامی باتەوە بەردێكت تێگرتم
منیش تا خوا كردی ماچێكم بۆ هەڵدای..!
جومعە، من شێت و تۆش جوانترین مرۆڤ
بیرمە بەیانیەك حەزم لەكێشكەی كولاوبوو
روبعێكی دراوم پێ بوو

هەواڵنامەی كتێب



کەتۆم بینی
لەترسان یەك نانی وشکم کڕی
بەڵام تامی ئەو نانە
تامی ئەو بەیانیە ترسناکە
تامی دیدەنی تۆ
بەسەد داوەتی بەرپرسانیش ناگۆڕمەوە..!
ئەرێ بەراست جومعە تۆ جاش بووی
یان گەورەتر
چونکە بەعس نەیدەتوانی پیاوی عاقڵ کۆنترۆڵ بکا
بەڵام نەیزانی تۆ عاقڵترین مرۆڤ بوویت و
ئەی ئەوە نەبوو ئینزیباتەکانیش نەیاندەگرتی..!
کێ زوڵمی لێکردی،
خەڵکی هەولێر یان خۆت
پێت وابوو لەم هەولێرە لەتۆ ناشیرینترین نییە
ئەدی ئەوە نییە
ساڵە های ساڵە ئەم هەولێرە بەتەزکیەی ناچاری قەڵاتەوە
بەتووڕەیی منارەوە ئیستیرادی ناشیرینترین مرۆڤ دەکا

هەواڵنامەی کێشێر



ئەی نابینی من و تۆو مەمەندیان کرد بەغەریب و لەقوتبی
بەستەڵەکەوە تا کەنارە گەرمەکان
هەر مرۆڤەو لەو هەولێرە لێی دادەکوتێ
ئەم بەیانیە قەڵا پێکەنی
منارە فتوای دەدا
خەڵکی شار دڵخۆش بوون
چونکە، شاعیرێکی شێت و شێتێکی عاقڵ
باسی بەعسیان دەکرد..!
جومعەگیان برینت بەناوی (مەمەندە شێت) دەکولێنمەوە،
ئێوە ئەوساش هەر لەگەڵ یەك نارێك بوون،
تۆ دەتگوت، ئەم شەقامە پانە
ئەو پێی وابوو شوێنی عەرەبانەکەی نایێتەوە
ئەو دەیوت، ئەمشەو فیلمی (شوعلە)یە
تۆ دەتوت سینەمای (حەمرا) کارەبای نابێ
تۆ دەتگوت: بدوێن
ئەو دەیگوت بێدەنگ بن، مانگ گیراوە
عاقیبەت:

کەوالنامەی کتێب



لەهەڵبژاردنێکدا

ئێوە فیفتی فیتی بوون بەدوو شێتی گەورەی شار
شارتان دابەش کردوو، لەشەقامی باتەوە تا کۆتایی، هی تۆبوو
لەوسەرەوە مەمەند حاکم بوو
ئاخر هەقمە رەخنەیەکی سیاسیانەتان بگرم
کەچۆن ساڵەهای ساڵە ئێمەشتان بەو پەتای فیفتی فیفتی یە کوشت
ئەی دوو سەرکردە مەزنە شێتەکەی باغی هەولێر..!
من دەمەو عەسرو ئێوەش پێش مەغریب
من نیوەشەو، ئێوە سوبحودەم
کەی دیدارێك بکەین
دەزانم ئێستاش بڕواتان بەو ئاشتییە نییە
چونکە دارایی هەر دوو داراییە..!
مەمەند گیان
ئەم نیشتمانە بێ شێت قەت هەڵناکەوێ
کێ دەڵێ بەر لەهاتنی قیامەت
رۆحی عیسا نایەتە ناو جەستەت و
کێ دەڵێ حوکمی ئاخیرەت ناکەی..؟

ئەواڵنامەی کتێب



کێ دەڵێ ڕۆحی محەمەدی مەهدی لەناو لەشی
شێتێکی شارێکی موسڵمانی کوردنشینی بەدبەختی وەك هەولێر
دەرناکەوێ..؟!
دەودرنەوە، ئاشت بنەوە،
دەمێکە بەزەنگیانەی ئاشتی سیاسەت سواڵ دەکەین وناکوژرێین،
دەمێکە بەئەنفلەوەنزای باڵندەی سیاسەت و بەپەتای ناتەبایی کۆلێرا
لەسەر قەنەفەکانی نەخۆشخانە کەوتووین،
ئێوە دکتۆرو میللەتێکی نەخۆش
ئێوە دەرمان و قورگێکی پڕ چاوەڕێ
ئێوە شادەماری کوردایەتی و ئێمەی کۆنە جاش و بەرپرسی ئەمڕۆ
دە وەرنەوە توخوا
با چیدی حوکمی دادگای کۆنە بەعس و کۆنە هین و کۆنە
موشیرەکانی وڵات
گیانمان نەك بەبازاڕی عوکازی بێ خێرو بێر
تا چیتر لاشەمان نەکەن بە تێرمینالی عەولەمەو
خوێنمان نەکەن بەنەوتی ژێر بۆریە نهێنییەکانی کۆڵانە
تەسکەکانی ناتۆو



ڕۆحمان نەکەن بەبەر شەیتانەکانی ئاخیری زەمان..

جومعە، تۆ هەر جومعەبەو منیش هەر پێش مەغریبی

پێنجشەممەت دەبم..!

بشمکوژی هەر چاوەڕێم..!

چونکە من هەولێرم لێ ون بووە،

هەولێریش بێ ئێوە قەت نابێ...!

مەمەندەکەم:

ئێستاش چاوسوورکردنەکانی تۆم بەرامبەر پیاوانی بەعس لەبەرە

ئێستاش لاکردنەوەی عەرەبانەکەی تۆم لەبەرچاوە کە هەر

لەخۆیەوە رقی لەبەعس بوو

ئێستاش ئاخەکانی نێو هەناسە قوڵەکانی مەمەندم

لەمەڕ ناشیرینی رۆژگار لەبەرچاوە

ئێستەش قێزو رقی ئەستووریم لەرۆژانی چۆلی جەژنەکان لەبەرچاوە

مەمەند گیان لەبەر خاتری هەیاس

لەبەردەم سینەماکاندا بووی نەدەچوویتە ژووری

چونکە خۆتان ( جۆن ترافۆلتا )ی فیلمێکی گەورەبوون

منالێم پڕ ترس و برسێتی، هەرزەیم بارگاوی بەشەرم

هەواڵنامەی کتێب



ئەمدەزانی چەکی شیعر چۆن پەیدا کەم
قەهری مێژووی خوێناوی خەم و خامۆش بوونی ئاتەش
بهۆنمەوە
ئەمدەزانی قەڵەم چۆن بگرم و
بەلیکی مەمەندە شێت
مەلیکی کوفرو گوناە بشۆمەوە..!
ئێستاش نازانم بۆ بەو بەردەی تۆم گرتووە جومعە
چونکە ئەم بەردە
وەهمی لەژیان فڕاندو
زیندەگی دا بە(گاشە)
چونکە ئەم بەردە پارچەیەکە لە(حجر الاسود)و
هەمووان دواتر نزای لەسەر دادەنێین
سوجدە بۆ مەقامی دەبەین و داوای پاکبوونەوەی لێدەکەین
ئەو بەردە بنێ بەپشتی ملما تا لەنووری ئیلاهی
خەوەکانی تۆ بەئاگابم
ئەو بەردە بنێ بەسینەما، تا بەعەشقی راستەقینەی
ئەودیو ژیانی رۆحەوە ئاشنا بم

هەواڵنامەی کتێب



با چیتر عەشقی سەراب، جەستەم نەکا بەقەرەبرووت
لاشەم نەکا بەگۆزەی شەراب و
لێوم نەکا بەخەرمانی درۆ
تۆش مەمەند گیان
ئەم لیکە بنێ بەپشتی ملما، چونکە هەرچی مەرهەمی
تورکی و ئیرانی و ئیکسپایەری دونیا هەیە
بەقەد ئەو لیکەی تۆ گەرمیم پێ نابەخشن
ئێ بۆ لێم تێناگەی مەمەند..
(هەیاس). بەرلەوەی بچیتە ناو ماڵێکی پڕ زێڕو گەوهەرو یاقووتەوە
بەر لەوەی بچیە ناو شەهوەتەکانی ژنێکی بەگزادەوە
یەك جنێو، یەك جنێوی پڕ میهرم پێ بدە
یەك جنێووو بەس..!
نامەوێ لەو فەزای مەخلوقە هیچ بدوێم
کەبەگومان ئاوس بووە
دوانەی خەم و قەهر چاوەڕێیە
نامەوێ لەو مەحشەری بێ مەعناییەدا بدوێم
کەباخچەو گوڵیان کرد بەگژ یەکدا



نامەوێ لەو هەرای مۆدێرنە تێبگەم
کەمزگەوت و قورئان، حەدیس و بەرماڵیان لێك ترازاند..
چی ئەماوە چاوەڕوانی عیسا بکەم لەسەر ئەو باڵەخانە سپیەدا
چی ئەماوە بۆ هاتنی غەیبێ ئێشك بگرم لەم قات وقڕی
بازاڕەدا
هەیاس، هێندەی دەبینم، وادەزانم هەر دێیتەوە
کێ دەڵێ رۆحی عیسا نایەتە لەشت و
ئەمجارەش پەیامی ئاشتی لەجێی بەرد
بەپشتی ملی ئەم میللەتە دا نادەی
دەزووکە دەی..!
وازەین ئەکەی ژیانت دۆڕاند بەشێتی
وازەین ئەکەی هەموو جوانیەکانی کەونت بوون بەبەردو لیکی
مەمەند
وازەین ئەکەی مەحروم لەعەشق و بێ بەش لەسەفاو ئاموردا لەگەشت
تۆ موستەنسریەی عەشق و کانگای سەفاو
هەوای گەشت بووی،
بەڵام تەنها چەند شاعیرێك و چەند رۆژنامەنووسێك و دوکاندارێك

هەواڵنامەی کتێب



و ڕێبوارێك و
جێگری شارەوانی هەولێر پیێانزانی
پیێانزانی و سکاڵای تۆیان بردە بەردەم باری تەعالا
بۆیە وازەین دەکەم
ڕۆحی عیسا بێتە ناو جەستەت، هەیاسی گوڵ
حەیفم دێ هەیاسەکەم
ئەو کاتەی ئەسکەندەر لەگەڵ دارا لەدەشتی قەراج یەکانگیر بوو
تۆ هێشتا پسوولەی یەکەم زیندەگیت لەرەحمی دایکت پێ نەدرابوو
خۆزگە ئەوسا لەوێ دەبووی
چونکە ئەسکەندەر پەیامێکی گەیاند
ئەم شارەی لەسووتان پاراست
چونکە وتبووی
لێرە پێغەمبەرێك لەدایك دەبێ دوعا بۆمن و مەرگی دارا رادەدێرێ
حورمەتی شاری نەشکاندو
هۆلاکۆش هەر لەباتاسەوە ڕێزی لەبەرد گرت و زانی بەردی ئەم
وڵاتە هێندە پیرۆزە
سبەی شێتێکی پێغەمبەر هەڵیدەگرێ و

هەواڵنامەی کتێب



هەر لەخۆیەوە دەیهاوێ
دەیهاوێ و دەیهاوێ تا سەری کەچەڵی
دوو بەعسی عەرەبی و
چواردە بەعسی کوردی بهارێ..!
جومعە، ئەو رۆژەی چەند شەللاتیەك سەرخۆشیان کردی
گوتت بەعس دەڕوات
بەڵام فیکری وەحدەی عەرەبی بن قەراتێ داگیر دەکا
بیرمە گوت
نەوتی کەرکوك تا نەفخی سوور لێدەدا
تا تێپەڕینی محەمەدی مەهدی و
هاتنی دەجال
هەر جارێ سوتانی ئێوەی پێیە
بیرمە گوتت
ئێوە نەتانزانی حورمەتی نازی بابەگوڕگوڕ رابگرن بۆیە بۆتان
بوو بەتەناف
بیرمە گوتت لەبابلەوە تا کیسرا
لەشمێرەوە تا یۆرانیۆم

هەواڵنامەی کتێب



تا بۆنی سێو

هەمووی دەبن بەکەرەستەی ماددەی کیمیا

لەتەنیشت منارەی چۆلی..!

بەڵام سەد حەیف تۆ جارێ براکوژیت دا لەگەڵ مەمەندو

ئەم سیاسیانەشتان فێری کورد کوژی کرد..

بەڵام بەتایبەت تۆ نەتزانی هەولێر هەمیشە شاری عەشق و وەفایە

وەفا بۆ ئازیزان، نەك ئازیز دزان..!

تۆ (ئەمستردامۆسی) شەقاسی باتە بووی

پێشبینی هاتن و گەڕانەوەی هۆلاکۆت کرد

ئەسکەندەرت شەرمەزار کرد

عاقیبەت

خۆت لەناو زەلکاوی براکوژیدا قوتارکرد..!

ئێستا تۆم دۆزییەوەو گوێم لێبگرە


لەسەنگا فوورەوە نەهاتووم،

لەئێوارە پەمەیییەکانی کونی دەرزیشەوە ڕێم نەکەوتۆتە ئێرەوە

دەمێك ساڵە لەتلییە ترێی دوو چاوی رەشەوە

لەباڵای هەڵوژاوی (منارە)وە دەڕوانم..!

ئەو بەیانییەی قەڵا پێکەنی



ساڵانێکە، لەدووری دوورەوە، زیندە خەون و راستە خەونم،

پیاسەیەکی بن دیواری قەڵاکەی تۆیە جومعە..!

ئاگرێك لەناخمدایەو بەناوی (بەستۆرە) ی قەڵا نەبێ، ناکوژێمەوە

لێم بتۆرێی یا نەتۆرێی، من هەر بەهەناسەی تۆ دەژێمەوە.

ئەم ئێوارەیە، تورەت دەکەم، دەتگرییێنم

چونکە من دەمێك ساڵە لەدووری تۆ دەگریم، تۆ هێشتا پێت نەزانی

من کورەکەی تۆم

بەڵام چەند ساڵێکە لێتەوە دوور بووم

ئەوە شێرزاد حەسەن، ئەوە مەحموود زامدار لێی بپرسە

ئەوە جەلال بەرزنجی زەنگێکی بۆ لێبدە

ئەوە شێخ ئیسماعیل بەرزنجی ( دوور لەشێخ زانا )،

ئەوە ماڵەکەی کەریم دەشتی، ئەوە بورهان یەعقوبی

موهەندیس،

ئەمە عەریزە نووسەکانی بەر مەحکەمە

ئەوە کتێبخانەی حەیدەری

هەموویان چاك دەمناسن..!

سێ سەعات بەر لەلێدانەکەی عەبدولکەریم قاسم

هەواڵنامەی کتێب



من لەبەر دەرگەی حەمامەکەی قەڵا هاتمە دونیا

بمناسەوە، غەریبێکی هەڵاتووم، بمناسەوە..

لەحەمامی ئیسکانەوە بەزۆر غوسلیان پێ دەرکردم، بمناسەوە

سی جزمەی قورئانیان بە شەق پێ لەبەر کردم

سەد ئامیر کەرت و ئامیر فەوج و ئامیر بەتالۆنیان پێ ناساندم

بەر شەقی هەموویان کەوتم

ئەی هاوار بمناسەوە..!

بۆچی منی کوڕی تۆ بیم بەئاوارەو شاشەی (تیڤی)

هەراسانت بکەن..؟!

لێم ببوورە، ئەوەدەمەی تۆ ئارەقەی شەرمەزاری چەند زۆڵە

کوڕێکت دەڕشت

من خەریکی ژماردنی ڕۆڵەکانی ئەنفال بووم

ئەوەدەمەی تۆ بەدەست ژانی ژانێکەوە دەتلایتەوە

من خەریکی ژماردنی سەیارە دزراوەکان بووم..!

ئەوە هاتمەوە، دەبمناسەوە

من لەشەقامی ئەنفالەوە، لەنێو برینەکانی هەڵەبجەدا

بەشوێن تاڵە موویەکی ریشە بۆگەنەکەی عەلی کیمیایی دا دەگەڕام

هەواڵنامەی کتێب



بمناسەوە، من چەند ساڵێکە لەسلێمانی کرێچی ماڵی (رەئوف زوهدی)م و

ڕۆژانەش سەرێك لەچاپخانەکەی (کاکەی فەللاح) دەدەم و دەمەو ئێوارانیش

بەبەردەم پەیکەرەکەی (عوسمان چێوار)دا

بەتینوێتی، بەشەکەتی، بەدوو چلووردی قاوەوە

بەگۆرانی (ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا)ی ئیبراهیمی خەیات و

بە(ئەم شەو شەوی بەراتە)ی عوسمان عەلی یەوە دەگەڕێمەوە ماڵەوە

جومعە گیان

ئێوارەیەکیان خەونم بینی

لەنزیك گردەکەی (قالیچ ئاغا)، بەدەم جگەرە کێشانەوە دەڕۆیشتم

لەپڕ گوێم لەدەنگی چەند گوللەیەك بوو

وا بزانم گوللە نەبوون، زەنگەکە بوون

کە ئاوڕم دایەوە، حیمایە گەوادەکانی (برایم زەنگەنە) بوون..!

هەموو ئەو شتانەم لەبیرە، ئەی مەگەر من کوڕی تۆ نیم..!

ئا بیرم کەوتەوە، کەقەت بیرم ناچێتەوە..!

هەشت هەزار میوانم هات، هەشت هەزار کەسی داماو

هەواڵنامەی کتێب



هەموویان میوانم بوون، هاتبوون سەیری خشتەکانی تۆ بکەن

بەڵام من درەنگ درەنگ پێم زانی

لەنزیك سەیتەرەکەی قەشتەپەوە

هەشت هەزار بارزانی، بوون بەقوربانی..!

من کوڕێکی زۆر مەعرووفم

من کوڕە بچووکەکەی عەبدولخالیق مەعرووفم..!

ئێوارەیەك لەبەردەم چایخانەی مەچکۆ

(فەرهاد پیربال)م دی پەشۆکا بوو

گوتی: ئا وەرە کوڕی کەرێ

ئا ئێستا منالێکی گوڵەبەرۆژە فرۆشیان برد

بردیان بردیان، تا گەوڕادێك بەشەهادەو ئیمانەوە، سەری بڕێ..!

جومعە، هاتووم لەوحەکانی ئاربائیلۆ ببینمەوە

هاتووم لەنێو درزی دیوارەکانی قەڵادا، مێژوویەکی کۆن بدۆزمەوە

هاتووم بەر لەوەی سەر بەمەقامی بەرێزت بکەم

لەشێخەڵلا، ئێسقانی (کێشکەی کوڵاو) لەنێو کەلێنی دانەکانم

بدۆزمەوە

ئێوارەیەو سبەینەتان دەبینم



شەوێ دەمەو عەسرتان دەبینم

مەغریبەو لۆبیا فرۆشەکانتان دەبینم..!

هاتمەوە بۆ جامێ ماستاوی سارد، بۆ لەتە تووریێ،

کەوەرێکی موسڵاویان خستە بەردەمم

هاتمەوە گوێم لەدەنگی (مشکۆ) بێ

(بلەی تاتڵی ساز) کەری کردم

هاتمەوە گوێم لەدەنگی (حەسەن حەیران) بێ

(کازم ساهیر) کاسی کردم..!

هەقمە بتۆرێم، هەقمە بڕەنجێم

هاتمەوە ریباتێك بکرم لەرەنگی ریباتەکەی (هادی چاوشلی)و

لە فولکەی چەپ، جگەرەیەك داگیرسێنم

هاتمەوە بەجلێکی پاك و تەمیزەوە

بچمە حزووری (رەشاد موفتی)

هاتمەوە سەرێك لەکۆڵانەکەی ماڵی خدری پاشا بدەم و

سەیری ژمارەی ئوتومبێلەکەیان بکەم..!



هاتمەوە، لەکۆڵانە بێ دەنگەکان
وەك سەردەمی منداڵیی، پرتەقاڵێك بدزم..!
بۆ وا شێتم دەکەی هەیاسەکەم..!
گادگرۆسیش لەدورپیانەکەی ئیسکان
چاوم لێ دادەگرێو لەسڵاوێکم دەترسێ
ئەویش چاك دەزانێ، من کورە پووری جەمیل رەنجبەرو
خاڵۆزای یوسف دەرگەڵەیی و
دراوسێ کۆنەکەی سەرداری سەعید سۆفیم..!
ئەویش وادەزانێ هێشتا بەچکەم
ئەو نازانێ، من کوڕی کوڕی سەعدی گچکەم..!
کە بەر شەقی زەمانەی بەعس کەوتم
دەستێکم کەوتە کۆڵانێك و قاچێکم کەوتە سێتاقان
دەستە سڕبووەکەی تریشم کەوتە بەردەم هۆڵی زەرد!
گورچیلەم فرێدرایە بەر حوشترو
سینەم پارچە پارچە کرا بۆ گەڕەکە پەردە پەمەییەکانی شۆڕش و

هەواڵنامەی کتێب



دڵەکەشم هەر بەرێکەوت

لەنێو تانکی ئاوەکەی حەوشەی ماڵی (عەزیز گەردی)ی دا

کەوت..!

ئێستا زانیت من کێم و لەکوێوە هاتووم


هاتووم تانکی ئاوەکەی (سەیداوە) بتەقێنمەوە

هاتووم، یا دەرم کەی

یانیش وەك شۆستە هەڵکەندراوەکان

مانگ نا مانگێ، هەر بەگاڵتەپێنەم کەیتەوە..!

سوپاس بۆ ئێوە شا گەورە شێتە عاقڵەکانی شارەکەم..!



# یەک پێکی تر هەڵدە..!

ڤیروسیا لەگوناهی قیامەت، یەک پێکی تر هەڵدە لەداخی زەمانە، یـــەک پێکیتر هەڵدە لەجیاتی ماســـتاوی هەولێـــرو دۆی قەراغ، وەختیەتـــی هەڵیدە لەداخی سیاســـەتی ئیفلیجی ئێـــرەو بەغدا، لەداخی هاشمی‌و موتڵەگ، لەداخی داڵدەدانی تیرۆریستان، هەڵیدە لەحەژمەتی برسێتی هەزاران‌و دەوڵەمەندیی ملیۆنان، یەک پێکیتر هەڵدە لەداخی ئەو پیرەژنەی لەئێستاوە خەم لەبەرێکردنی ساڵی پڕ وەیشوومەو هاتنی ســـاڵێکی وەزع نادیاری مسۆگەر بەخراپتر دەخوا.

یەک پێکیش بۆ شەپۆلی ئەو هەموو منداڵە کارکردانەی سەرشەقام هەڵـــدە، بۆ ئەو دەرچووە بێ ئیشـــانەی زانکۆ هەڵدە، یەکیش بۆ زۆریی ڕێژەی تەڵاق‌و زۆریی ڕێژەی ساڵ بەساڵی قەیرەکچ‌و ئێستا خەریکـــە قەیرە کوڕیش لەکوردســـتان دەچێتە ناو کتێبی گینیس بۆ پێوانەیی..!

یەک پێکی تر بۆ ئاوارەکانی قەندیل‌و تۆپبارانەکانی سنوور هەڵدە، لەگەڵ هەڵدانی هاوەن‌و ساروخی تەیارەی دەرودراوسێ تۆش یەک پێکی خەستتر لەپێکەکەی هێمنی شاعیر هەڵدە کەبۆ سێدارەکەی قازی هەڵیدا..!

هەڵیدە قەزات لەگیانم بۆ هەڵدانی دەرپێی راقیســـەکانی شەوانی دەیجووری هۆڵە پەمەییەکانی ئێرە.

هەڵیدە لەداخی فیلمە دۆبلاژکراوەکانی دژ بەکورد لەکەناڵی کورد، بۆ منداڵ‌و گەنجی کورد، هەڵیدە وەک شاباشـــی خوێنی شـــەهید لەمەســـتخانەی خەباتی بۆش، هەڵیدە لەداخـــی ئەو ئەزموونەی دوویـــارە بەخۆمان خۆش، هەڵیدە لەداخی مـــەزادی عەقڵ‌و بیرو



کەرامەتی نیشتمانی بەدەستی کابرایەکی بێ هۆش..!
یەک پێکی تر هەڵدە بۆ زیادەی ئەو مووچەیەی کەکەشفی دزینی چەندین ساڵەی ئاشکرا کرد، هەڵیدە بۆ سەروەریی لەیاسا لەوڵاتێکی بێ یاسادا، یەک پێکی تر هەڵدە بۆ بۆنی ئاوی دووکان کەهەر بۆنی سینگو رانو سمتی ئافرەتی لێدێ.. یەک پێکی تر هەڵدە بۆ فرینی نرخی نەوتی خەڵکو تەربوونی ژێرمان بەنەوتی خۆمان..

یەک پێکی تر هەڵدە بۆ باری ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆ، کەیەکێ بەماستاو، یەکێ بەلیگاو، یەکێ قومارچی، یەکێ گێڕ گۆڕ، هەندێکی کەمیش قەڵەم بوێرو ڕاستگۆ..

هەڵیدە بۆ ڕووی ڕەشی چەند ڕۆژنامەیەکو شاشەی چەند کەناڵێکو درۆی زلی چەند سمێڵ بۆیاغکراوێک، کەباس لەخەونی دەوڵەتی کوردی دەکەنو خۆشیان لەژێرەوە گاڵتەیان بەقسەی خۆیان دێ..

دەهەڵیدە تا دوکانی مەیخانەکان نەسووتاوە، دەهەڵیدە تا مەیخانەکان نەچۆنەتە ناو هاوکێشە سیاسیەکان، هەڵیدە لەحەژمەتی سیستەمو ساردی پەرلەمان لەئاستی ڕووداوەکان، چوونە ناو قەفەسی تاوان ئەو وەزیرانەی یەک یەک دەچنە ناو پەرلەمان.. هەڵیدە هەر بۆخۆشی یاریە سیاسیەکانی ناوچەکەو سەیری سیاسەتی کوردی بکە، هەر بۆخۆشی ژمارە خەیاڵییەکانی بودجەو گرانیی بازاڕ.

تەنها یەک شت هەڵمەدە، شووشە بەتاڵەکەت هەڵمەدە پشت بارەگاکەت، بائەویشت لێ نەسووتێ..!

---

* ئەمە دوا نووسینی ڕەوانشاد (شەیداهۆ)یە.



ئەم چامەیە لە یادی دەرچوونی 100 ژمارەی بەدرخان لە 2008/7/22 ڕەوانشاد شەیداهۆ
لە هۆتێل چوارچرا هەولێر خوێندییەوە، وەکو ڕێزلێنانێک بۆ گیانی پاکی
شەیداهۆ ئەمڕۆ 2012/2/16 لە چلەی ماتەمینی لە سلێمانی بڵاو دەبێتەوە